# ڕۆژی مردنی من



ن.شرنگ

و.لە فارسیەوە . سەرکەش.

پزیشکێک کە نامەی مەرگی من ئەنوسێت
بێ گومان بۆ لە ناو بردنی
نەخۆشی کۆکەش لەو ڕۆژەیا
عیلاجی زۆر ئەنوسێت
کە هەزارانی تر ئەمرن.
بەڵام بۆ ئەم منالە قژ لولە
کە هێشتا ژیان ناناسێ و
سەری قالە بە یاریە ڕەنگاو ڕەنگەکانی خۆیەوە
مەرگی من وەک هەر ناشناسێکی کە بێ مانایە ،
بەڵام ، تۆ ژیان ئەکەیت و
ماتی دات ئەگرێ
بە یادی ئەو سەفەرانەی کە پێکەوە کردمان
ئەو نانە گەرمانەی کە پێکەوە خواردمان
بە دیار پێکەنین و گریانەکانمانەوە مات ئەبیت کە پێکەوە بردمانە سەر
بە یادی بەهارێ کەلە سەفاو شادومانیا گوزەراندمان
مات ئەبیت بە دیار ئەو وێنانەوە کە دەستمان لە دەستی یەکا بوو
ئەمڕۆش ڕۆژێکی ترە لەو ڕۆژانەی کۆمەڵێک لە شوێن کەوتووانی تاریکی
پەلەیانە زوو بمسپێرن بە خاک و بڕۆنەوە بە لای جەنگەکانیانەوەو

ئێستە ئەوان زیندو ،و ژیان چاویان بۆ دەگێڕێ
من هەرگیز نەمویستووە کەسێکی ئاسایی بژیم
بەڵام دەزانم
مەرگی من زۆر عادەتی دەبێت
وە پاش من
ئەوی تر لە پشت ئەم مێزەوە دادەنیشێت
بە هەمان پێنووس دەنوسێت
وەک ئەوەی من هەرگیز نەژیابم
باکم نیە ،چۆن دەبێت
هەموو ئەمانە ئەشێ تەحەممول بکرێن
ئەگەر تۆ وەک چۆن هەمیشە لە وجودما
بویت بە خواو پەناگاو تەکیەگای من بمێنیتەوە
بە هاوڕێ و خوێن ڕێژەکانم بڵێ
مەرگ کۆتایی هەموو ماجەراکانە
پێیان بڵێیت
هەر مرۆڤێک لە قوڵاییدا هەڵگری نوتفە جوانەکانی ئینسانیەتە
کە جار نا جاریش ئەو سیفەتە جوانانە بە ڕونی دەر ئەکەونەوە
پێیان بڵێ
هێندە هوشیارانە بیر لە سیفەتەکانم بکەنەوە تا باوەڕ دەکەن بچوک نەژیام .